



# کەمێک مێشکت ئاسوودە بکە

## داگیرکەر

کابرایەك لەبەسرە سواری پاس بوو بۆ بەغدا و لەڕێگە پەنجەیەکی هەر لە لوتیدا بوو. وردە وردە نەفەرەکان کەوتنە باسکردنی بارودۆخی عێراق و سوپای ئەمێریکا. کابراش لەنزیکی بەغدا هاتە ناو قسەکانەوە و وتی: ئەمێریکا داگیرکەرە و لەعێراق دەری ئەکەین و ڕەگوریشەی لەبن دەردێنین.

نەفەرێك کە لەو بەرییەوە دانیشتبوو، پێی وت: کوڕی باش، تۆ لەبەسرەوە خەریکی لوتی خۆتیت تۆزێك چڵمت بۆ دەرنەهێنرا، ئیتر چۆن ئەتوانیت ڕەگوریشەی داگیرکەر لەبن دەربێنیت؟!

## تەڵە

پیاوێکی ڕەزیل چووە دووکانێك و داوای تەڵەی مشکی کرد. خاوەن دووکان تەڵەیەکی بۆهێنا. کابرا لێی پرسی: ئەمە چۆن بەکاردێت؟

خاوەن دووکان وتی: پارچەیەك پەنیر لەناویدا دائەنێیت، مشکەکە ئەچێتە ناوە و پەنیرەکە ئەخوات، ئیتر تەڵەکە ئەتەقێت و مشکەکە ئەکوژێت.

کابرا لێی ئەپرسێت: ئەی تەڵەیەکت نییە، مشکەکە بکوژێت پێش ئەوەی پەنیرەکە بخوات؟!

## ڕفاندن

هەر ئەو ڕەزیلە ڕۆژێك کوڕەکەی ئەڕفێنن و تەلەفۆنی بۆ ئەکەن و داوای دەهەزار دۆلاری لێئەکەن بۆ ئازادکردنی.

کابرا لێیان ئەپرسێ: خواردن ئەدەن بەکوڕەکەم؟

ڕفێنەرەکان ئەڵێن: ئەی چۆن ئەرەوەڵا، ماشەڵا زۆر خۆریشە!

کابرا ئەپرسێت: ئەی شوێنی خەوی هەیە؟

ئەڵێن: بەڵێ.

کابرا ئەڵێت: دە بەقوربانتان بم وەرن کوڕەکەی تریشم بڕفێنن!

## ئاوی مریشك

پیاوێك لەحەوشەکەیدا مریشك بەخێو ئەکات. شەوانە تەشتێك ئاویان بۆدائەنێت و بەیانی کەهەڵئەسێت سەیرئەکات تەشتەکە ئاوی تیانەماوە. پێی سەیرە مریشکەکان بەشەو ئەو هەموو ئاوە بخۆنەوە. چەند شەوێك ئەم شتە دووبارە ئەبێتەوە، ناچار کابرا، شەو دوای ئەوە تەشتەئاوەکە بۆ مریشکەکان دائەنێت، لەپەنایەکدا خۆی مات ئەکات تابزانێت چی ڕووئەدات. سەیر ئەکات پیاوێکی دراوسێیان بەدیوارەکەدا دێتە حەوشەکەو تەشتە ئاوەکە هەڵئەقوڕێنێت و ئەیەوێت بڕوات. لەپشتەوە ئەیگرێت و ئەڵێت: بۆ هەموو شەوێك دێیت و ئەو ئاوە ئەخۆیتەوە؟تۆ عەیب ناکەیت؟

کابرا ئەڵێت: بەخوا ئەزانم عەیبە، بەس چی بکەم دکتۆر بۆی نوسیوم کەئاوی مریشك بخۆم.

## خێرایی

ڕۆژێك لەئەمریکییەك و ڕوسییەك و عێراقییەك ئەپرسن: خێراترین شت لەگەردووندا چییە؟

ئەمریکییەکە ئەڵێت: بیرکردنەوە.

ڕووسەکە ئەڵێت: ڕووناکی.

عێراقییەکەش ئەڵێت: سکچوون، چونکە کەهات نە بیرکردنەوە سودی هەیە و نە ڕوناکیش دادت ئەدات.

## تەلەفۆن

ڕۆژێکی تر هەر ئەو عێراقییە لەگەڵ ئەمریکییەك و ژاپۆنییەك قسە ئەکەن.

ژاپۆنییەکە ئەڵێت: ئێمە زەویمان هەڵکەند و لەقوڵایی ١٠٠ مەتردا پاشماوەی وایەری تەلەفۆنمان دۆزییەوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە باپیرانمان چەند سەد ساڵ لەمەوبەر تەلەفۆنیان بەکارهێناوە.

ئەمریکییەکە وتی: ئێمەش هەروا زەویمان هەڵکەند، بەڵام لەقوڵایی ٢٠٠ مەتردا پاشماوەی وایەری تەلەفۆنمان دۆزییەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باپیرانمان پێش ژاپۆنییەکان تەلەفۆنیان بەکارهێناوە.

عێراقییەکە وتی: ئێمەش هەروەك ئێوە زەویمان هەڵکەند، بەڵام لەقوڵایی ٣٠٠ مەتردا وایەری تەلەفۆنمان نەدۆزییەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باپیرانمان ئەو سەردەمە مۆبایلیان بەکارهێناوە!

## ڤالانتاین

زەلامێك لەڕۆژی عاشقان (ڤالانتاین)دا چووە دووکانێکی کارت فرۆش و وتی:

-بێزەحمەت کارتێکت هەیە لێی نوسرابێت بۆ تاقە خۆشەویستەکەم؟

دووکاندار وتی: بەڵێ هەمانە.

زەلامەکە وتی: دە بێزەحمەت ١٤ دانەم بدەرێ!

تێبینی: ئەگەر نوکتەی تازەتان لایە، و ئەتانەوێ بەناوی خۆتانەوە لەم گۆشەیەدا بێو بێتەوە، بۆمان بنێرن:

khakmagazine@khak.org

# وشەی یەکتربڕ

ئامادەکردنی: جەمیل عەلی



تێبینی: ئەو خانانەی تەنیا پیتێکن فەرامۆشکراون.

پ: پێچەوانە ت: تێکەڵ

**ئاسۆیی**

١.ڕۆژی عاشقانی جیهانە .

٢.قارەمانی چیرۆکی خۆشەویستییەکی ناکامە (ت) ، ناوی دووەمی وەزیرێکی پێشووتری دەرەوەی ئەمریکایە (پ).

٣.هەتیو بە عەرەبی (ت) .

٤.گاگەل دەبات بۆ لەوەڕ(ت).

٥.لە چیلیدایە .

٦.وشەیەکی عەرەبیی بەکوردیی کراوە بەمانای ناوازە (پ).

٧.سیمبولێکی ماتماتیکیە (ت) .

٨.وشەیەکە بۆ ئازارچەشتن (ت) ، دەستەخوشکە سابلاخە .

٩.پارچە.

١٠.کەشتییەکی فەزایی ئەمریکیی بوو لە ئاسماندا تەقییەوە .

**ستوونیی**

١-بەناوبانگترین شەترەنجزانی جیهان بوو (پ).

٢-لە ناوی خشۆکێکدایە.

٣-پێکهاتەیەکی کۆنکریتە ، ناوی شار و زانکۆیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیایە (پ) .

٤-زنجیرە چیایەکی سەرکەشی ئاسیایە.

٥-ناوی دووەمی سەرکردەیەکە ٢٢١ ساڵ لەمەوبەر بووە سەرۆکی ئەمریکا(پ) .

٦-تۆ بە زمانێکی بیانیی .

٧-داستانە شیعرێکی مێژووی دێرینی یۆنانییەکانە، ڕەنگی ئاشتیی.

٨-پیتێکی ئینگلیزییە، ناوێکە لە ئالانی کوردییەوە نزیکە( پ ).

٩-ئیشێکی هەویری کوردەوارییە .

## وەڵامی یەکتربڕی پێشوو

| 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | | | | | | | | ی | | ك | 1 |
| چ | ا | ب | ی | ێ | ه | ل | ۆ | ن | س | ۆ | 2 |
| ن | | | و | ا | | ی | | د | | م | 3 |
| ا | ب | | ن | و | | ۆ | | ی | | ه | 4 |
| م | ه | | ا | ێ | | ت | | ا | | ڵ | 5 |
| ه | ر | | ی | ن | | ۆ | | ن | | ه | 6 |
| د | ی | | ت | ه | | ل | | ا | | ی | 7 |
| ی | ت | | د | ك | | س | | ج | | گ | 8 |
| ه | ا | | | ا | | ت | | ۆ | | ه | 9 |
| ن | ن | | | ن | ل | ۆ | ك | ن | ی | ل | 10 |
| ا | ی | | | | | ی | | ز | | ا | 11 |
| ش | ا | ر | ك | | | | | | ج | ن | 12 |

## هەندێ زانیاری سەیر دەربارەی گیانداران

- ئیسفنج گیانداری دەریایە نەك ڕووەك.
- ژمارەی مەر لە نیوزلەندا ٧٠ ملیۆنە لەکاتێکدا ژمارەی خەڵکەکەی ٤٠ ملیۆن نابێ.
- ئەسپ و پشیلە و کەروێشك توانای بیستنیان لە مرۆڤ زیاترە
- ئەسپ ئەگەر کلکی ببڕیت ئەمرێت.
- دووپشك ئەگەر چواردەوری بکەیت بەئاگر ئەدات بەخۆیەوە.
- دووپشکی ژەهراوی ئەتوانێ ٣٠ مانگ بەبێ خواردن بمێنێتەوە.
- ڕیزبەندی زیرەکی ئاژەڵان: مەیمونی شامپانزی، دۆلفین، سەگی دەریا، ئەسپ، ئینجا فیل.
- کولەی دەشتی خوێنەکەی ڕەنگی سپییە.
- قاچی کولە ئەگەر لەگیانیشی بکەیتەوە هەر ئەجوڵێتەوە.
- مێشولە ٤٧ دانی هەیە، کەروێشك ٢٨ ، فیل ٣٢، حوشتر ٣٤ و سەگ ٤٢.